# سەرۆک کۆمار ستایشی هەوڵەکانی سویسرا دەکات بۆ گەڕاندنەوەی ژمارەیەک کلۆپاڵ

لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی کە لە داڤۆس بەڕێوەچوو، سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید ڕۆژی چوارشەممە 22 ی کانوونی دووەمی 2025 سەردانی کۆشکی سویسرای لە کۆبوونەوەکە کرد و لەوێ لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی سویسرا خاتوو کارین کیلەر سۆلەر کۆبوونەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار باڵوێکردەوە

لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆیان لەسەرپێوەندییە دەستانەکانی نێوان عێراق و سویسرا و چۆنێتی قوڵکردنەوەیان بە ئاوڕی بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێنان و پڕۆژەیی بگرێتەوە و تیایدا سەرۆک کۆمار جەختی لەسەر گرنگی کاراکردنەوەی کارەکانی کۆمیتەی عێراقی سویسرا و پێویستی بە واژەکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵات لەبارەی زانیاریەکانی پێوەندیدار بە سپیکردنەوەی پارە و هاوکاری تیرۆر.

سەرۆک کۆمار ستایشی هەوڵەکانی سویسرای کرد بۆ گەڕاندنەوەی ژمارەیەک کلۆپاڵ کردو تێکیدی لەسەر گرنگی کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی پارەی بلەککراوی عێراق کردو و ئاماژەی بە پێویستی هاریکاری کرد لە بواری دەستپێشخەری ئاشتی شین کە لە ساڵی 2010 لەلایەن ئاژانسی هاوکاری و گەشەپێدانی سویسرا

دەستیپێکرد.

کێبوونەوەکە تاوتوێی کارەکانی کۆبەندی ئابووری جیهانی و ئەنجامە خوازراوەکانی بوو لەسەر ئاگای بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی لە هەموو بوارەکاندا و هەروەها پرسەندنەکانی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی گۆڕپانی نێودەوڵەتی و تێکید لەسەر گرنگی یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ چەسپاندنی سەقامگیری و ئاشتی جیهان کرا.

لای خۆیەوە سەرکی یەکێتی سویسرا پێشوازی لە بەشداریکردنی سەرک کۆمار لەکۆبەندی ئابووری جیهانی کرد و تێکیدیکردەوە لەسەر خواستی سویسرا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق بەشێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە باهاکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات

لە کێبوونەوەکەدا دکتۆر فوئاد حوسێن جێگری سەرک وەزیران و وەزیری دەرەوە و سەرکی دەستەی هاوڕکاران و شارەزایانی سەرکایەتی کۆمار دکتۆر عەلی ئەلشوکری و کارگێڕی کاروباری عێراق لە سویسرا بەڕێز محەمەد ئەلدەباغ ئامادە بوون.